# وزەی مرۆڤ و ڕێگای بەرەو لوتکە



کتێبی نوێ تەنها بە PDF
بەردەستە 2020


نووسەر
د.ئیبراهیم فەقێ

وەرگێڕ
مەدینە ئەحمەد

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە
بۆ گروپی کتێبخانەی ( PDF )




کتێبخانەی ( PDF )

PUBLIC GROUP · 82K MEMBERS

# وزەی مرۆڤ
# و
# ڕێگای بەرەو لوتکە

نوسینی
د.ابراهیم فەقێ
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
مەدینە احمد

# بسم الله الرحمن الرحيم

## ئارامبە

**ئەم کتێـــبە پێشکەشـــەبە دایکـــی خۆشەویســـتم خـــودالێی خۆشـــبێت و بە بە هەشـــتی بەرینـــی شـــاد بکـــات وە بـــۆ هاوسەرەکەم (امال فەقێ).**

**ابراهیم فەقێ.**

## وشەی سوپاسگوزاری

بـــۆ هەمـــووئەو کەســـــانەی کە یارمەتیـــــدەر بـــوون لە دروســـــتکردن و بنیادنـــــانی ئەم کتێـــبە چ دوور چ نزیـــک خودا پاداشتتان بداتەوە

ابراهیم فەقێ.

**د.ابراهيم فەقێ**

***دامەزرێنەرو سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی زنجیرە شەریکەکانی (ابراهيم فەقێ)ی جیهانی کە پیک دێت لە:**

***بنکەی کەنەدی بۆ گەشەپێدانی مرۆیی**

***بنکەی کەنەدی بۆ بەهێزی وزەی مرۆڤ**

***بنکەی کەنەدی بۆ زمان گرانی**

**-نوسەرو دامەزرێنەری زانستی ((ڕاهاتنی گونجاندن))ی جوڵەی هەڵچوون**

***نوسەرو دامەزرێنەری زانستی هێزی مرۆڤ**

**ڕاهێنەری پشت پێبەستراو بۆ پاڵنەری مرۆیی لە شەریکەو ڕێکخراوەکان.**

***دکتۆرا لە زانستی میتافیزیکیا لە زانکۆی لوس ئە نجلۆس لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا**

***پلەی شەرەفی لەیەکیک لەریکخراوەکانی ئەمریکابۆ هەلسوکەوت لەگەڵ مرۆڤدا لەبواری هۆتێلەکان بە دەست هیناوە**

***(٢٣)دبلۆم و((٣))لەبەرزترین تابەتمەندی بەدەستهیناوە لە پاڵنەری مرۆیی وکارگێری و فرۆشتن و بازارکردن بەدەست هێناوە.**

***بووە بە بەڕێوبەر لەچەندین هۆتێلی ((٥))ئەستێرە لە مۆنتریاڵ-کەنەدا.**

***لە وانەکـــان و لە خولەکـــانی لە جیهانـــدا ڕاهێنـــانی زیـــاتر بە((٧٠٠))هەزار کەس کـــــردووە بە زمانەکـــــانی((عەرەبی-ئینگلیـــــزی- فەرەنســــــی)).**

***پاڵەوانی پێشوی میسر بووە بۆ تێنسی سەرمێز وە نوینەرایەتی میسری کردووە لەپاڵەوانیەتی جیهان لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ساڵی ((١٩٦٨)).**

## پێشەکی وەرگێڕ:

سوپاسی خودا دەکەم بۆ هەموو شتێک کە پێی بەخشیوم ,ئەم کتێبە پێشکەشەکەم بە دایکو باوکم کەهەمیشە پاڵپشتم بوون,سوپاسی خوشکەکەم دەکەم کە یارمەتی داوم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە جوانەدا.

## پێشەکی نوسەر:

پـێش چەنـد سـاڵێک زاسـتێکی گـرنگم دامەزرانـد کەئەویـش زاسـتی هێـزی وزەی مـروڤ بـوو کە بـوو بە مـارکەیەکی بازرگـانی ، لەهەمـوو جیهانـدا ناسـرا کە ئـارەزووی بنەڕەتـی مـرۆڤ پیشـان ئەداو وە مـرۆڤ هەمیشـە لەدوای بەرز نرخانـدی خـۆیەتی وە ئەمەش چەنـد ڕیگرییەکـی هەیە لەوەیەگرنگترینیـان نـاوەوی خۆیبێـت لاپەڕەکـانی ئەم کتێـبە خـۆی دەبینێـتەوە لە دروسـتکردنی دەهـاتوو وە جۆرەکـانی وزە وڕێگـای بەرەولوتکە .

**ڕابردوو دروستکەری داهاتوو**

**مرۆڤ پەیوەستە بەو وێنەیەی کەوا خۆی کێشاوییەتی لە ناخی خۆیدا**

**ئەگەر مرۆڤ پێی وابێت کەکەسێکی دۆڕاوە ئەم هەستە ئەبێتە ئەبێتە خاوەنیو بڵاوئەبێتەوەو فراوان ئەبێت تەنانەت کۆنترۆڵیشی ئەکات بۆیە بە تەواوی ئەدۆڕێت وەئەوە ناسراوە بە ((بڵاوکرنەوەێ نەرێنی)).**

ئەگێڕنەوە کەوا کوڕێک ڕۆشت بۆلای دانایەکی چینی و داوای لێکرد وزەیەکی ئەرێنی پێبدات کە بتوانێت ئەو شتانەی هیوای بۆ ئەخوازێت جێبەجێی بکات ,داناکە سێ شوشەی هێنا.

دانەیەک لەشوشەکانی پڕکرد لە ئاوی پاک دووەمیانی بە بەتاڵی هێشتەوە وە سێیەمیانی پڕکرد لە ئاوی پیس.

دواتر داناکە داوای لە گەنجەکە کرد کەوا ئاوە پاکەکە لەو شوشە بخواتەوە کە ئاوە پیسەکەی تێدایە ،گەنجەکە ئاوە پیسەکەی ڕشت بە ئاوە پاکەکە شوشەکەی پاککردەوە، ئەو ئاوەشی مایەوە لەناو شوشەی سێیەمی کردوو خواردییەوە،دواتر کوڕەکە ڕۆشت بۆلای داناکە پرسی لە مەبەستی ئەم کارە بۆ کردی

داناکه پێی وت کەوا شوشەی یەکەم کە پڕبوو لە ئاوی پاک ئاماژە ئەکات لە هیواو تەماحو ئەوەی کەوا هەوڵی بۆ ئەدات بەدیبهێنێت لە داهاتوودا

وە شووشە پیسەکە کە پڕبوو لە ئاوی پیس ئاماژە ئەکات کە لە ناو ناخی ئەم گەنجەدایە ئەزموون و شارەزایی و بەرنامەکانی پێشوو(ڕابردوو)،وە ئەبێ دووبارە چاو بخشێنییت بەو ئەزموون و بەرنامانەی پێشوو(ڕابردوو) بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست بەرنامەکانی دابڕێژێت ئە گینا ناتوانێت ئەوە بەدەسبهێنێت کە ئەیەوێ.

وە ئەبێ مروڤ کە لە دوای گۆرانی ڕابردویەتی ئەبێ سەیری ڕابرووی بکات و وە سوود لەو ئەزمونانەیپێشوو وەربگرێت و ئەو ئەزموونانە بگۆڕیت بۆ بەهرەیک کە لێبببینێت لە کاتی ئێستادا

.

ئـــێمه مرۆڤەكـــان ئەبینـــین كه له منـــداڵییەوه بەرنـــامەڕیژ كـــراون به ڕێگـــایەكی دیـــاریكراو وه لەســـــەر ئەم ڕێگـــایه گەورەبـــــن ،وه هەڵســـــوكەوتو گوفتـــــاری لەســـــەر بنیـــــادی ئەم ڕێـــــگەیەو وه بڕیارەكـــــــــانیش ئەدات له ڕیـــــــــگەی ئەم بەرنـــــــــــامەوه .

*وه پرســـیارەكه لێـــرەدا ئەوەیه :-چـــۆن ئەم بەرنـــامه ڕێـــژیه بگـــۆڕین ؟

ئەم بەرنـــامەیه له مێشـــكدا ڕوودەدات له شـــوێنێكی دیـــاریكراو وه له (٥)هەســـــتەكەدا ڕوودەدات ئەگەر هەر گۆڕانێـــــك ڕووبـــــدات لەم پێـــــنج هەســـته ئەوا مێشـــك پێـــی نازانێـــت ئەو بەرنـــامه یه كه تـــاك بەدەســـتی دەهێنیێـــت لەخێـــزان و قوتابخـــانەو هـــاوڕێو سوشـــیاڵ میـــدیا و كـــۆمەڵگه هەمـــــووی ،لەســــــایەی ئەوەی كه ئەو زیادییەكـــــات بـــــۆی .

خـــوداى بەرزو بـــاڵا مێشـــکى مرۆڤـــى دروســـتکردووە بـــۆ ئەوەى ببێـــتە خزمەتکـــارى نەوەک بەڕێـــو بەرى ،وە ئەگەر کـــردت بەبەڕێـــوبەر ئەوا تەنهـــا ئەوبەرنامـــانە بەڕیوەئەبـــات کە لەڕابـــردوودا بەرنـــامەڕێژتکردوون ئەو بەرنامـــانەى کە لێکۆڵەرەکـــانى زانکـــۆى ســـان فرانسیســـکۆو هارفـــار ئاماژەیـــــان پێکـــــــردووە لە (٩٠٪)پاشـــــــماوەى نەرێنـــــــین،

لەبەر ئەوەى تـــاک ئەم بیرکـــرنەوە نەرێیـــانە لە کـــۆمەڵگە بەبـــێ درک پێکـــردن و کـــۆنترۆڵکردنى بەدەســـتى دەهێنێـــت ،وە دواتـــر لەوەیە یـــاخود دەشـــێت گونجـــاو نەبـــێ بـــۆ تـــاک وسروشـــتى ژیـــانکردنى لەگەڵ ژیـــان.

لێرەدا چیرۆکى ئافرەتێک بەبیر دەهێنمەوە کە زۆر لە سیسارک دەترسا وە پێم وت:بۆچى لێی دەترسى ؟ وتى : لەبەر ئەوەى ڕەنگى قاوەییە وئەمەش ڕەنگێکى خراپە ،وە بە ڕیکەوت ڕەنگى قاوەیى لەبەرى بوو ،پێم وت:-بۆ وەکوو ڕەنگى ئەو لەبەر دەکەى ؟ وتى لەبەر ئەوەى ناوى ((کریە))، وە پرسیارم لێکرد حەزى لە ناوى چ کەسێکە ؟ وتى ((خالد)) کەواتە سیسارکەکە ناو دەنێین بەو ناوە ، هەرکات سیسارک دەبینێ پێدەکەنێ .

بۆیه مرۆڤ لەو بەڕی هیزدایه بەڵام پێک هاتەی ڕاست نییه ، بۆیه هیچ کات ئێمەنایینین مندالێک بە بێزاری لەدایک ببێت ..

وه بۆ ڕاستکرنەەی قسەکان بەرنامەکانی پێشوو قابیلی گۆڕانه.

ئەگەر مرۆڤ پێکهاتەی ئەو بیرۆکانەی که بوونەته هۆکاری هەستی نەرێنی بگۆڕێت بۆ ئەو بیرۆکانەی که هەستی ئەرێنی لێ بەرهەم بهێنێت ئەزمونەکه دەگۆڕێت، کاتیک مێشک جارێکی دیکه دەگەڕێتەوه بۆی ئەبینێت کەوا گۆڕاوه بۆ بەهەرەیەک ...گۆڕاوه بۆ تواناکان.

ئەگەر ئێمه له ئەنتەرنێت بگەڕێین بەدوای ئەو بەرهەمانەی کەوا باسی ئامانجەکان و پێکهاتەی له ژیانی مرۆڤدەکا دەبینین که چەندین بەرهەممان لەبەردەست دایه که ژمارەی زیاتره له پەنچا هەزار بەرهەم

**هەمووی باســـی ئەوە دەکات کەوا ڕابردوو بەلاوە بنێین ئەبێ مرۆڤ لەداهەتوو چیبکات و نرخی لە دروستکردنی داهاتوودا ...**

**بەڵام کەمرۆڤ لە دوای لوتکە بوو دەبێت سوود لە ڕابردووی ببینێت و بیکات بە هێزێکی پاڵنەر و دایبمەزرێنێت لە سەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەداهاتوودا**

**مانای ئەوا نیە کاتێک کەسێک دۆڕا لە ئەزموونەکانی پێشوو ئەم دوڕانە یان ئەم شکستە دووبارە دەکات ئەگەر بەهەمان ئەزموونداتێپەڕێت ،بەڵکو ئەبێت مرۆڤ سەیری ئەو هۆکارانە بکات کە بوونەتە هۆی ڕوودانی ئەم شکستە،**

وەهەوڵبدات کە ئەو هۆکارانە بەلاوە بنێت لە داهاتوودا وە ڕابروودی ئەبێتە یاریدەدەری کە شکست نەهێنێت .

وە مرۆڤ کۆپی ئەو وێنەیە یە کە لەناووەوەی خۆیدا ئەیکێشێت ..ئەگەر مرۆڤ پێی وابێت کە دۆڕاوە ئەم هەستە ئەبێتە خاوەنیو فراوان ئەبێت و بڵاو ئەبێتەوە هەتا وەکو کۆنترۆڵیەکا بەتەواوەتی ئەو کاتە بەڕاستی ئەدۆڕێت ،ئەمەش ناسرەوە بە ((بڵاوکردنەوەی نەرێنی)).

((بڵاوکردنەوەی نەرێنی )) بریتیە لەتەرکیزکردنە سەر شتێکی دیاریکراوی بچووک وە بڵاوکردنەوەی ئەو شتە گەورەکردنەوەی ،بۆنمونە کەسێک بێزارە لە شتێک ئەڵێت شارەکە هەمووی خراپە ،ئەگەر مرڤ شتێکی گشتی کرد ئەو کەسەناتوانیت بڕیار بدات ئەوکەسەی دەڵێت من دەرونیەن شڵەژاوم شتەکەی گشتی کردووە گەورەی کردووە وە هەستەکانیشی

**بــۆیە ئەبێــت مــرۆڤ بزانێــت کە بەڕاســتی چــی تەنگــی پــێ هەڵچنیــوە وە دەســت بکــات بە چارەســەرکردنی .دواتــر لەو گشــتییە دەرەچێــت بــۆ بەش .**

**وە لە کۆتایــدا دەڵــیم هــیچ دۆڕانیــک نیــیە بەڵکــو شــارەزایو ئەزمــوون هەیە لا هەر کەســێکی ســەرکەوتوو ئەبینــین چەنــدین کەوتــن لە ژیانیــدا هەیە ، بــۆیە هەرجارێــک کاتێــک تۆپێــک بە بەهێــزی ئەکێشــی بە زەویــدا بە بەرزییەکــی زیــــــــاترو خێراتـــــــــر ئەگەڕیـــــــــــتەوە بـــــــــۆلات .**

**لەڕاســتیدا هــیچ دۆڕانێــک نیــیە کەســی دۆڕاو ســەرکەوتووە لە دۆڕانەکەیــدا ،لەبەر ئەوەی ئەقڵــی مــرۆڤ شــوێنی دەکەوێــت بەووەی کەپێــی دەدەیــت و بیــرۆکەی پــێ ئەبەخشــی ،ئەگەر بەوە ســڵاوت لێکــرد کەتــۆ دۆڕاوی مێشــک ئەو بیــرۆکەیە گەشـــە پێئـــدەدات لە مێشـــکتداو بڵاویـــدەکاتەوە لە جەســـتە هەســــــتەکاندا بــــــۆیەئەمە ســـــەرکەوتنی مێشـــــکە لە دۆڕانـــــدا.**

وەنابێ بگەڕێینەوە بیر لەوە بکەینەوە کەوا تێپەڕی ئەکرێت سوودی هەبێت لەداهاتووماندا ئەگینا ئەبینە ئەو کەسانەی کەئەگەرین لەسەر شیری ڕژاو ،ئەگەر کارێکت لەدەست دا بەدوای یەکێکی دیکە بگەڕی ،بیرمە من دووجار لەسەر کارەکەم دەرکرام وە بیریشمە کە داوای کارکردنم لەیەکێک لە هوتێلەکان پێشکەش کرد ئەو پیاوەی لەوێ بوو پێی وتم:- (هەرگیز کارکردنت لە هۆتێلەکان سوودی نابێت) ، سوپاسم کردوو کاتێک جێم هێشت بڕیارم دا زۆر سەرکەوتوبم لە هۆتیلەکاندا ،وە بڕیارم بە خۆم دا کە بانگهێشتی خوانی ئێوارەی بکەم دوای بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکەم،وە بەڕاستی کاتێک بوو بەبەڕێوبەری گشتی لە گەورەترین هۆتێلەکان بانگهێشتی خوان ئێوارەم کرد ،وەپیاوەکەمنی بەبیر نەئەهاتەوە ،چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ منداو ڕەتکردنەوەکەیم بەبیر هێنایەوە ،پێم وت:-(سوپاستەکەم تۆهۆکارێکی پاڵنەر بویت بۆ سەرکەوتنم).

ئەبێت مرۆڤ سوود لە ئەزموونی پێشوی وەربگرێت بۆئەوەی ئامانجەکانی بەدیبهێنێت لە داهاتوودا .

وە ئەزانم ڕای کەسانی دیکە نیشانەی تۆنین ،لەبەرئەوەی ئەکرێت ئەم ڕایانە بنیادنرابێت لەسەر بەهاو سیستەم و بیرکرنەوەی ئەوان ، نەک بەهای تۆ ...نە بیرکرنەوەی تۆ.....وەنە تێگەشتی تۆ، من و تۆو هەموانش موعجیزەیەکین لەلایەن خودای باڵا دەستەوە کەواتە چۆن کەسێک حوکم لەسەر کەسێک دەکات بو دیاریکردنی چارەنوسی .

**ئەركى كردەيى---كردەنى((واجب عملى)).**

**سێ شت دیاری بکە کەوا لە ڕابردوتدا کردووتە وەگۆڕاوتە بۆ شتێکی باشتر... یاخوود سێ شت کە هەوڵەدەی لەداهاتوودا بیگۆڕیت؟**

**١........................................................................................**
**....**

**٢........................................................................................**
**....**

**٣........................................................................................**
**....**

# جۆرەكانی وزەكان

**ڕێگای بەرەو لوتكە پێویستی بەزانینی جۆرەكانی وزە هەیە، كە خۆی دەبینێتەوە لە:-**

# ١-وزەی جووڵە

## جووڵە زیندوو مردوو لەیەک جیا دەکاتەوە.

وە ئەو وزەیە یە کە مرۆڤ لە ڕووەک و بێگیان جیا دەکاتەوە لە کاتێکدا مرۆڤ ئەتوانێت بجوڵێت بە پێچەوانەی ڕووەک ناتوانێت..

*پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە لەکوێوە ئەم جووڵە دێت بو مروڤ ؟

وە زانایان کۆکن لەســـەرئەوەی جوڵە جیاوازی دروســـتدەکات لەنیوان زیندوو مردوو ؟ وە ئەوە شـــتێکی ئاســـان نییەمرۆڤ بتوانێت کە ماســـولکەیەک لە جەســتەیدا بجوڵێنێت،وەئەوە لەو پەڕی گرانییە کە ئەبێ مێشــک یەکەم جار درک بەو جووڵە بکات و دواتر مێشـــک بە ماســـولکەکانی بگەینێت کەهەســـتن بە ئەنـجـامـدانـی ئەو جـووڵەیە بـۆیە دووبـارە ئەو جـوڵەیە دەگەڕێـتەوە بـۆ مێشک

بــۆ ئەوەی هەنگــاوی دواتــری خــۆی بزانێــت ...وە ئەمەش بە خێراییەکــی گەورە ڕووئەدات ک لەســەرووی خێرایــی ڕوونــاکییەوەیە وە مــرۆڤ هــیچ پەیوەنــدییەکی پێــوە نیــیە بە مانــایەکی دیــکەئەگەر کەســیک بیەوێــت بــڕوات بە قاچەکــانی ناڵیــت بــڕوات بەڵکــو خــۆی دەبینێــتەوە کە دەڕوات .

کەواتە وزەی جــووڵە خەڵاتــێکە لەلایەن خــودای بــاڵا دەســتەوە بە مڕۆڤەکــان بەخشــراوە وزەیەکــی ئۆتومــاتیکیە، کاتێــک ســووتەمەنی وەکووخواردنێــک دەدەیــت بە وزەی جــووڵە لەئەوەوە وزەی جەســتەی لــێ بەرهەم دەهێنریــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــت .

<u>ئەرکــــــــی کردەیــــــــی--کردەنی((واجــــــــب عملـــــــــی)).</u>

هەوڵــدە لەوکەســانە بیــت کە وەرزشــیک لەوەرزشــەکان دەکەیــت.

# وزەی جەستە

ئەبێت هاوسەنگی بکەیت لەنێوان سوتەمەنی ناوەکی بۆ ئەم جەستەو وزەی جوولە بۆ ئەم جەستە.

خۆراكی جووڵەی وزە خواردن و خواردنەوە و خەوتنە ، كاتێك تۆ خواردن دەخۆی جووڵەی هەرسكردن بەدەستدەهێنیت .

وە خواردنەوەش ئارەقكردن و میزكردنی لێ بەرهەم دەهێنرێت .

وە خەوتنیش مرۆڤ ئەتوانێت بەردەوام بێت لە جوڵەكانی ڕۆژانەی بەشێوەیەكی سروشتی مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام بێت لەجووڵەكانی بەبێ خەو ئەگیناتوشی جەڵدەی دڵەبێت كەئەبێتەهۆی مردنی لەبەر ئەمە پێویستە جووڵەی وزەوجووڵەی جەستە بەشێوەیەكی هاوسەنگ بهێڵینەوە.

* وزەی جەستە دابەش دەبێت بۆ:-

خواردن:-ئەوەش ئەو بڕەیەكەمرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ جێبەجێكردنی كارەكەی ،وە ئەبێت بەگوێرەی ئەوە بێت كە جەستەپێویستی پێیەتی ،ئەگینا ئەبێتە زیادەڕۆی .

خواردنەوە:-ئەو بڕەیە كە جەستە پێویستی پێیەتی.

خەوتـــن:- بەهــۆی ئەمەوە مــرۆڤ دەتوانێــت بەردەوام بێــت لە چالاكييەكــانی
.

هەناســـەدان:-مێشــك ٣٣٪ئۆكســـجينی ســـييەكان بەدەســـتدەهێنێت ،كاتێـــك هەناســـەدانی مـــروڤ ڕيـــك ئەخرێـــت وزەيەكـــی بـــاش ئەبەخشـــرێتە ئەم كەسە...

((١٢))هەزار جـــۆر هەناســـــەدان هەيە، هەناســـــەدانێک هەيە كەيـــــارمەتی ئـــــارامبوونەوە دەدات وە هەناســـــەيک كە وزەبە مـــــرۆڤ ئەبەخشـــــێ ..

وە هەناســـــــــــــــەيەک وزەی مـــــــــــــــرۆڤ ڕيكەخـــــــــــــــا..

وە هەناســـــــــــــــەيک كە چـــــــــــــــالاكی مرۆڤڕيكخـــــــــــــــا..

وتمـــان كەدەبێـــت ســـووتەمەنی نـــاوەكی بـــۆ جەســـتە و وزەی جـــوڵەيی بـــۆ جەســـتە هاوســـەنگ بكەيـــن ئەگەر ســـووتەمەنی زيـــاترت بە جەســـتە بەخشـــی زيـــــــــــــــــــــاد لەوەی كە پێويســـــــــــــــــــــتيەتی

وەکـو خـۆراکی زیـادە ئەبینـین جەسـتە کە خـواردنی زیـادە پاشـەکەوتدەکا لە ژێـــــــر جەســــــــتە و نەخۆشـــــــــییەکان لە جەســــــــتەدا دەرەکەوێ .

وە بـــــارودۆخەکەش هەمــــان شــــتە بــــۆ خــــۆراک و خــــواردنەوە ،

وە ئاماژەمــــان بەوە کـــرد کەوزەیــــی جــــوڵەیی مـــرۆڤ لە ڕووەکەکــــان جیادەکاتەوە؟

وە مانــــای ئەوەیە کە ئــــاژەڵیش وزەیــــی جــــوڵەیی هەیە بەڵام ئەو وزەیەی کە مــــــــرۆڤ لە ئــــــــاژەڵ جیادەکــــــــاتەوە وزەی بیرکـــــــــردنەوەیە.

<u>ئەرکـــــــــــی کردەیـــــــــــــی ــــکردەنی((واجـــــــــــــب عملـــــــــــــی))</u>

خــــۆت بناســــێنە بەو خــــۆراکە تەندروســــتانەی کە جەســــتە پێویســــتییەتی.

## ٣-وزەی بیرکردنەوە((فکــــــــــــــــــــری))

کاتێــــک جــــووڵە چـــاوی بەدیـــدگا دەکەوێـــت خۆشـــــــــــــــــــــــــــــبەختی ڕوودەدات.

((الشـــــــــــيخ الشـــــــــــــــعراوی))

کاتێــــک مــــرۆڤ هەڵدەســــتێت لەخەو ئەچێـــتە گەرمـــاوەکە و دەســـتنوێژ دەگرێـت دواتـر خـۆی ئامادەدەکـات بـۆ نـوێژ ئەو ناتوانێـت هـیچ کـام لەمـانە بکـات ئەگەر وزەی فکـــری نەبێـــت کە مانـــا ئەبەخشـــێتە وزەی جـــووڵە ،کاتێـک مـرۆڤ بەلـۆژیکی بیردەکـاتەوە دواتـر بڕیـارئەدات ئەبینـین کاتێـک مـرۆڤ نـویژ دەکـا ئەو بەباشـی ئەزانێـت کەوا چـۆن نـوێژ دەکـا ،یـاخوود کاتێـک دەڕوات بەڕێگـادا یـائەخواتو ئەخـواتەوە ئەو باباشـی ئەزانێـت ئەو شتانە چۆن بکات .

وە شـــێخ شـــەعراوی لە کتێبەکەیـــدا بەنـــاوی ((الخواطر))دەڵێـــت:-

کاتێـــک جـــووڵە لەگەڵ دیـــدگا یەکـــدەبینێ خۆشـــبەختی ڕوودەدات).

وەجـووڵە ڕۆڵـی وزەی جـووڵە دەبینێـت ،وە دیـدگوڕۆڵی وزەی بیرکـردنەوە دەبینـێ وەتێکەڵکردنیـان لەگەڵ یەکـدی وەک، شـێخ شـەعراوی وتـی :- (خۆشـــــــبەختی مـــــــــرۆڤ ڕوودەدات) .

وە بەچـاوپێکەوتن یـاخوود بەر یەککەوتنـی بیـر لەگەڵ جـووڵە مانـای وزەی جـووڵە لەدایـک دەبێـت..کەواتە بیرکـردنەوە کـاریگەری هەیە لەسـەر بیـری مرۆڤ،کاتێـک بیرمەنـد بیردەکـاتەوە ئەوا بیـروکەکەی دەخـاتە زەهنـی پرۆسـەی بیرکـردنەوە بەرهەم دێـت کە تەرکیـز کردنـی لـێ بەرهەم دێـت دواتـر بەئاگـاییەوە شـوێن ئەم تەرکیـزە دەکەوێـت و کە ئەو هەسـتانەی لـــــێ بەرهەم لێـــــدێت کە ڕەفتـــــار شـــــوێنی دەکەوێـــــت

دواتــر ئەو ئەنجامــانەی کەدەبــنە هۆکــاری ڕوودانـــی ئەو واقــعەی کەئەویــش دەبێــتە هــۆی ئەو چارەنوســەی بڵاودەبێــتەوەو فــراوان دەبێــت لەهەمــان جــۆر

**ئەگەر ئەتەوێت چارەنوسی**

**ژیانت بگۆڕیت درکپێکردنەکانت بگۆڕە**

و لێـــــرەدا هەســـــت بە سەرنچڕاکێشـــــی ئەوە ئەکەیـــــن کەخــــودای گەورە دەفەرموێــت ((خــودا هــیچ گەلێــک ناگۆڕێــت هەتــا خۆیــان نەگــۆڕن))لەبەر ئەوەی مــرۆڤ هۆکــاری بیــرە (بیرکــردنەوە)ئەو دیــاریکەری چارەنوســیەتی ئەبــێ مــرۆڤ خــۆی نەخــاتە دڕنــدەیی تەرکیــز کردنـــی نەرێنـــی لەســـەر بیرۆکەیەکـــی دیـــاریکراو ،وە لـــۆمەی کەســـانی دیـــکە نەکـــات کەنـــاگۆڕێن بەڵکو ئەبێ لەخۆیەوە دەست پێبکات

کەواتە وزەی جــووڵە بەنزینـــی خـــۆی لە وزەی جەســـتە وە بەدەســـت دێنێـــت ،وە وزەی جەســـــتە بنزینـــــی لەوزەی جووڵەســـــەرف دەکـــــات ئەم دوووزەیە.

**هەر یەکێکیـــــــــــــان تەواوکەری ئەوی دیـــــــــــــــکەیە**

**<u>ئەرکـــــی کردەیـــــی ـــکردەنی((واجـــــب عملـــــی ))</u>**

**ئەگەر دەتەوێـــت چارەنوســـی ژیانـــت بگۆڕیـــت درکپێکردنەکانـــت بگـــۆڕە**

# بنەڕەتەکانی وزەی بیر

# وزەی بیر ((الفکری))   بریتیە لە:-

١-توانای درکپێکردن
٢-توانای شیکرنەوە
٣-توانای بەراوردکردن
٤-توانای بڕیاردان

## ١-توانای درکپێکردن

ئەو شتەیە کە مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەک جیادەکاتەوە ،مرۆڤتوانای درکپێکردن و بیرکردنەوەی هەیە ،لەبەرئەوەی مرۆڤ توانای درکپیکردنی هەیە کەواتە توانای گۆڕانی هەیە وە مرۆڤ تەنیا توانای گۆڕانی هەیە کاتێک کەئامانج و خەون و پلان و گۆڕانی هەیە،وە مێشک خەڵاتێکە لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤ.

دکتۆر (هاربر بنسر)پێش (١٠)ساڵ پێش ئێستا ئاماژەی بەوەکردووە کە ((٥٠))بۆ(١٥٠) ملیار خانەی مێشکی هەیە،وەئێستا لێکۆڵەرەوەکان کۆبونەتەوە کەوا مێشک بەلایەنی کەمەوە (١٥٠)ملیار خانەی هەیە ،ئەمەش ئاماژەیە بە گرنگی مرۆڤ و خودا جیایی کردۆتەوە لەسەر جەرم دروستکراوەکانی دیکە.

٢- توانای شیکردنەوە:-مێشک توانای شیکردنەوەی هەیە ئەتوانێت بەخێراییەکی زۆر شیکردنەوە بۆزانیارییەکان بکات

**٣-توانای بەراوردکردن :-**

**بەراوردکردن لە نێوان زانیارییەکان و پێک هاتەکان بوونی هەیە و زانیارییەکان لە گەنجینەی بیرەوەرییەکاندا بوونی هەیە.**

**٤-توانای بڕیاردان:-**

**کاتێک مێشـــــک ئەتوانێت کەوا بڕیارەکان بدات ،ئەو بڕیار دەدات کە خواردن بخوات وبجوڵێتوبخەوێت .......هتد.**

**کەواتە وزەی بیرکردنەوە کاریگەری هەیە لەســـەر بیرو هەســـتەکان ، دواتریش کاریگەری هەیەلەسـەر هەموو جەسـتە هەریەکەیان ئەوی دیکەیان تەواودەکات، وەزانستی سەردەم ئاماژەی بەوەکردووە ٩٣٪نەخۆشییەکان دەگەڕێتەوە**

بۆ ئەقڵ کەبە(السیکو)ئاماژەی پێکردووە و وە جەستەش کەبە( سومو) ئامازەی پێکردوون شوێنی دەکەوێت.

وە تەنها مرۆڤ بیر بکاتەوە لە شتێک کاریگەری هەیە لەسەر هەست وجەستەشی.

وەتێبینی ئەوە ئەکەین ئەگەر مرۆڤ بۆ نموونە بیربکاتەوە کە بزمارێک بە شوشەیەکدا بهێنێت ئەوا جەستە هەست بە موچوڕکانێک دەکات لەگەڵ ئەوەیکەنە بزمار نە شوشەیەک بوونی نییە ، تەنها بیرکردنەوە لێی جەستە هەستی بە موچوڕکان کرد.

کەواتە مرۆڤ کاتێک بیردەکاتەوە لە بیرۆکەیەک یاخوود شتێک جەستەشی ئەگۆڕێت وە پێغەمبەر (د.خ)پێی وتوین لە فەرموودەیەکدا لەسەر کەسێکی تووڕە وە پێغەمبەر(د.خ)ڕونی کردۆتەوە کە تووڕەیی ئەبێ بگۆڕێت یان هەوڵ بدات لەئاگری تووڕە یەکەی بکوژێنێتەوە.

وە زانستی سەردەم ئاماژەی بە گرنگی گۆڕانی بارودۆخەکە کردۆتەوە وە جیابونەوە لێی بۆ ماوەیەکی کاتیو دووبارە پەیوەندی کردنەوە پێی بە ڕیگایەکی جیاواز بۆ نموونە دوو کەس ئەبینین کە دانیشتوون لە ڕێستۆرانتێکا گفتوگۆ دەکەن وە گارسۆنەکە کەلەو کاتەدا دێت پێێیان دەبڕێت..

وە دوای تێپەڕ بوونی لەبیریان دەچێتەوە کەلەسەر چی گفتوگۆیان دەکرد ئەوەی کە بەسەریان هات ئەوەیە کەئەم پچڕانە کاریگەری کرد لەسەر تەرکیزی هەریەکێکان .

ئەبێ هاوسەنگی بکەین لەنێوا وزەی جووڵەیی و وزەی جەستەیی کە بەسووتەمەنی خواردنی پێئەدەی لەبەر ئەوەی نەبونی هاوسەنگی وزەکە دەکشێتەوەو نامێنی .

وزەیی جووڵەیی جەستە جووڵە پێ ئەکات ،وزەیی جەستەیی خواردن بە جووڵەکە دەدات و وزەیی بیریش خواردن بە گرنکی مانا دەدات.

**کەواتە مێشک جیاکەرەوەی مرۆڤە لە دروستکراوەکانی دیکە**

**خودای گەورە مرۆڤی دروستکردووە و فەزڵی داوە بەسەر ئەوانی دیکەدا**

**وە مێشک چەند کارێکی هەیە زانیاری و دواتر کارامەیی و دواتر داهێنەری.**

وه لەوانەیە مەزهەبەکانــــت ژماردبێـــت بەڵام لەکۆتایـــدا مێشـــک درک بەوە دەکـــات کە خـــودای بـــاڵا دەســـت تـــاک و تەنهـــایە ،کاتێـــک مـــرۆڤ بە ناخۆشـــییەکدا تێـــدەپەڕیت دەڵێـــت (خودایە)چارەســـەر وزەی ڕۆحـــانیە و ئەوەش خـودای بـاڵا دەسـتە و نـاتوانین بڵێیـت بە تەنهـام و ئـێمە هەمووموان یەک شتمان هەیە ...

وه لێـــرەدا حەزدەکەم چیرۆکێـــک بەبیـــربهێنمەوە کە شـــوانێک مەڕی بە خێـودەکرد گەشـتیارێک بەلایـدا تێـپەڕی و پرسـیاری لەشـوانەکە کـرد :-مەڕ ئەتوانێــــــــــت لەڕوژێکـــــــــــدا چەنـــــــــــــد بـــــــــــڕوات؟

شـوانەکە وەڵامـی دایەوە و وتی:ـــئەمە کەوتـۆتە سـەر جـۆری ئەو مەڕەی کە تـــــــۆ مەبەســـــــــتتە ،مەڕی ســـــــــپی یـــــــان ڕەش؟

گەشـتیارەکە وتـی :-لەبـارەی مەڕی ڕەشـەوە پـێم بڵـێ ، شـوانەکە وتـی :- هەمـوو ڕوژێـک میلێـک دەبڕێـت ، گەشـتیارەکە وتـی :-ئەی مەڕی سـپی ؟

شوانەکە وتی مەڕی سپی هەموو ڕۆژێک میلێک دەبڕێت

گەشتیارەکە ئەیویست زیاتر بزانێت پرسیاری لە شوانەکە کرد :-ڕوژانە مەڕ چەنێک دەخوات ؟ شوانەکە وتی :-ئەمە دەوەستێتە سەرئەوەی مەبەستت چ جۆرە مەڕێکە مەڕی سپی یان ڕەش ؟

گەشتیارەکە وتی :-ڕەش ، شوانەکە وتی:-ڕۆژانە کیلۆیەک دانەوێڵە دەخوات ،گەشتیارەکە وتی ئەی سپییەکە ؟ شوانەکە وتی :- بەنسبەت سپییەکەوە ڕۆژانە کیلۆیەک دانەوێڵە دەخوات ...

گەشتیارەکە پرسی لەبارەی ئەوەی ڕۆژانە چەند ئاو دەخۆنەوە ، شوانەکە وەڵامی دایەوە ئەمە کەوتۆتە سەر جۆری ئەو مەڕەی کە مەبەستتە سپی یا ڕەش؟ گەشتیارەکە وتی ڕەش، شوانەکە وتی :-ڕۆژانە گاڵۆنێک ئاو دەخواتەوە ، گەشتیارەکە وتی:-ئەی مەڕە سپییەکە؟

شـــوانەکە وتی:-بەلایەنی مەڕە ســـپییەکەوە ڕۆژانە گـاڵۆنێـک ئـاو دەخواتەوە گەشـــتیارەکە شـــڵەژاو، بەپیاوەکەی وت من هەرجاریک پرســـیارت لیدەکەم پییم دەڵێیت ئایا ئەم پرســـیارە تایبەتە با مەڕی ســـپی یاخود ڕەش دواتر لەکۆتاییدا هەمـــان وەڵامـــم دەدەیـــتەوە ،ئـــایـــا هـــیـــچ ڕوونـــکـــردنەوەیەکـــت هەیە بـــۆ ئەمە؟

شوانەکەوتی:-ئایا ئەزانیت کە مەڕە ڕەشەکان هەی منن ،گەشتیارەکە وتی :-ئەی مەڕە سپییەکان؟ شوانەکەوتی :-سپییەکانیش هی منن ...

کەواتە هەمووومان لەم دونیایەدا هەمان کەسو و یەکدروستکراوین

ئەگەر وزەی بیرکردنەوە نەبوایە ئەوا مێشک هیچ سوودێکی نە ئەبوو ،وە ئەگەر مێشک نەبوایە درک پێکردن وجودی نەئەبوو...

ئەگەر درکپێکردن نەبوایە ئەوا مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی نەئەبوو لەگەڵ ئـاژەڵیکـدا ،ئەگەر جووڵەش نەبوایە ئەوا هیچ جیـاوازیەکی نەئەبوو لەگەڵ بێ گیانێکدا

## ئەرکی کردەیی کردەنی ((واجب عملی))

ئەبێ درک بەوە بکەی کەواتۆ بەتەنها ناژیت لەم دونیایەدا ئێمە هەموومان یەک شتین.

گومانی تێدا نییە کە ژیانی مرۆڤ هیچ

مانایەکی نییە بەبێ سۆز

سـوز ئەو سـوزو خۆشەویسـتییو هەسـتکردن بە خـۆ شەویسـتییو بەوەی کەتـۆ خۆشەویسـتی ، وە یەکـێکە لە گرنگتـرین پیداویسـتییەکانی مـرۆڤ دوای مـانەوە وە هـیچ ئاژەڵێـک نـابینن کەوا بە مێینـەیەک بڵێـت خۆشـمەویی وە شـتەکە بەتەواوی لەنێـوان مـرۆڤ وئاژەڵـدا لەم بـارەیەوە جیـاوازە.

گومـانی تێـدا نیـیە کە ژیـانی مـرۆڤ جێگیـر نابێـت و هـیچ مانـایەکی نابێـت بەبـێ خۆشەویسـتی ،بە خۆشەویسـتی دروسـتکەر دروسـتکراوی دروسـتکرد ،وە بە خۆشەویسـتی بەنـدە چاکەکـان پاداشـت دەکـرێن .

خۆشەویسـتی مـوعجیزە دروسـتدەکات ئەبـێ مـرۆڤ یەکەم جـار خـودای خۆشـبوێت وەدواتـر خۆشەویسـتی خـود ، ئەبـێ مـرۆڤ هەسـت بکـات کە مـوعجیزەیەکە خـودا دروسـتی کـردووە ،خـودا مرۆڤـی بەباشـترین شـیوە دروسـتکردووە ، خـودای تـاک و تەنهـا دەفەرمووێـت ((و لقـد خلقنـا الإنسـان فـي أحسـن التقـويم)).

**ئەبێ خۆتت خۆشبوێت و وە قەدری بگری  وە بڵێیت ئەو خەڵاتەم خۆشەوێت کە خودای تاک و تەنها پێی بەخشیوم**

**بۆئەوەی بگەیین بەخۆشەویستنی کامڵ سەرەتا ئەبێ بگەیینە لێخۆشبونی کامڵ، وە لەوەو خۆشەویستیو و دواتر دەگەیینە قۆناغی بەخشین ..**
**لەبەرئەوەی ناتوانیت ببەخشی بەبێ خۆشەویستی ،وە ناتوانین خۆشتبوێت بەبێ لیخۆشبوون..**
**ئەم سێ شتە ((بەخشندەیی -خۆشەویستی-بەخشین)) پێکەوە بەستراون، ناتوانین بگەین بە ئەوەی تریان بەبێ یەکێکی دیکەیان.**
**ئەگەر مرۆڤ بەخشندە بوو ئەوا بیرکردنەوەی بەشێوەیەکی ڕاست دەبێت و هاوسەنگی ئەبێت لە هێزی ڕۆحانی کە هاوسەنگی زەهنی لێ بەرهەم دێت**

**کەهاوسـەنگی هەسـت و نەسـت شـوێنی بکەوێت ، وە بارودۆخەکە بەوە کۆتایی دێت**

**کە هەموو جەسـتە لەهەوسـەنگییەک بێتو وە هاوسـەنگی جەسـتەیی ڕوودەدات .**

**ئەبێ مرۆڤ بە قۆناغی لێخۆشـبوون تێپەڕ ببێت ،کە بریتییە لە لێخۆشـبوونی لۆژیکی و لێخۆشبووونی سۆز ((ڕۆمانتیکی ))**

**یەکەم شت ئەبێ مرۆڤ درک بەوەبکات کە دەبێ بەخشندەبێت، ئەم درک پێکردنە ڕۆڵی ٥٠٪ی گۆڕان ئەبینێت، درکپێکرن بڕیاری گۆڕانی بەدوادا دێت.**

**ئەگەر توڕەبویت لە کەسـێک ئەوا وزەی خۆت لە توڕەیی و بێزاری و خەمدا بەهەدەر مەدە ،باشـترە کە بەخشـندە بیت ،چەپکێکی جوان لە وزەیەکەی خۆت بنێرە بۆ ئەو کەسە ی کە بێزارت دەکات، ئەگەر وزەی مرۆڤ بگاتە شارێک ئەوا بـۆ مـاوەی هەفـتەیەکـی تەواو ڕوونـاکـی دەکاتەوە..**

**ئەوە وزەیەکی**

**بەنرخە کە خودا پێی بەخشیوی**

**نرخەکەی زیاتر لە ٨٠ملیار دۆلار**

**وە ژیان کورتەو گەڕانەوەی نییە**

**ئەبێ مرۆڤ مرۆڤی خۆشبوێت بەبێ مەرج ، مرۆڤ ناتوانێت ژیانی بژی بەتەنها،سروشتی ناوەوەی(ناوەکی) مرۆڤ پەیوەندییەکانی بەوانی تر دیاری دەکات...**

**ئەگەر مرۆڤ لە ناخیدا خۆشەویستی هەبوو بۆ ئەوانی دیکە، کەوتۆتە سەر ئەوەی کە چەند بوێرە لەپەیوەندیکردنی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکە وە ئەوانی دیکەی خۆشەوێتو دڵخۆشیان دەکات و ئەوانیش هەمان هەست ئەگۆڕنەوە لەگەڵی .**

**وزەیی جوڵەیی پێویستی بەخواردنێکە وا ئەم خۆراکەش خۆی دەبینێتەوە لە وزەی جەستەیی کە پێویستی بە بیرکردنەوەیە ، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە وزەی بیرکردنەوە**

وه له كۆتايـــــدا هەمـــــوو ئەمه پێويســـــتی به هەســـــت و ســـــوزو وه ئەمەش كەوزەی ســـۆز ڕۆڵـــی دەبينێـــت بەڵام ئەمەبەس نيـــيه ئەبێـــت جـــۆريكی تـــری وزه هەبێـــت كه ســـــەروەتێكمان پێببەخشـــێ وه ئەمەش وزەی ڕۆحـــــــانی پێمـــــــــان ئەبەخشـــــــێ ..

**<u>ئەركيــــــی كردەنــــــی ــكـــــرداری ((واجـــــب عملـــــــی))</u>**

ئەبـــــێ خۆتـــــت خۆشـــــبوێت و قەدری بزانـــــــی .وه ئەو خەڵاتەت خۆشبوێت

كه خــــــودای بـــــاڵا دەســــــــت پێــــــی بەخشــــــيوی

## ٥-وزەی ڕۆحانی

وزەی ڕۆحـــــــانی وزەی ســــــــەروەتە ((ســــــــامان))

وەبەبـــێ وزەی ڕۆحـــانی نە ســـەروەت نە بنەمـــایەک بـــــــــۆ مـــــــــــرۆڤ نـــــــــــیە

چوار وزەی پێشوو ((جوڵەیی -جەستەیی-بیری-سۆز(ڕۆمانتیکی)] ئەمانە وزەی مانەوەن ، بەڵام وزەی ڕۆحانی وزەی سەروەت و سامانە ،وەبەبێ وزەی ڕۆحانی نە سەروەت نە بنەمایەک بۆ مرۆڤ بوونی نییە .

ئەگەر سەیری گەورەترین پیاوانی سەرکەوتوو لەجیهاندا بکەین ئەبینین هۆکاری سەرکەوتنیان ئەوەیە کە چێژ لە بەهایەکی بەرزو دووەم چێژ لە دیدگایەکی ڕوون و سێیەم شت بڕوابوون بەخود کە بەهای بەرزو دیدگای ڕوون پێکەوە ئەبەستێت

ئەگەر مرۆڤ بێ بەهای بەرز بوو ئەوا لەم ژیانەدا وێڵەبێت

کەواتە بەهای بەرز شتێکی زەروریە بۆ هەموو مرۆڤەکان..

وەجوانترین گرنگترین شت لەوزەی ڕۆحانی پەیوەست بوونە بە خودای گەورە ،ئەبێ مرۆڤ هەمیشە لەپەیوەندیدا بێت لەگەڵ خودا گرنگنییە ناوت یاخود تەمەن یان ڕەگەز یان ئایین یان ئەوشوێنەی کە لێی یت خودای گەورە دەفەرموێت :-( فإذا عزمت فتوکل علی الله).

## ئەركی كردەيی –كردەنی((واجب عملی))

**ئەبێ هەميشە مرۆڤ لە پەيوەنديدا بێت لەگەڵ خودا گرنگنيە**

**ناو يان ساڵ يان ڕەگەز يان ئايين يان ئەوشوێنەی كەلێيت.**

پەیوەست بوون بەخودای گەورە .

مرۆڤ

ئەبێ بەباشی کۆنترۆڵی خۆی  بکات

لەناخی خۆیدا ، زاڵبێت بەسەر شەیتاندا لە ناخی خۆیدا

**بنەڕەتی یەکەم بۆ وزەی ڕۆحـانی بریتییە لە :-پەیوەسـت بوون بەخودای گەورەوە**

**ئەبـێ بـزانین کەوا شـەیتان زور هەوڵ ئەدا ک مـرۆڤ لەم پەیوەسـتیە دوور، بخـاتەوە،،،،،،،**

**دەسـتدەکات بە جەنگکـردن لەگەڵ مـرۆڤ ئەویـش بە چەنـد ڕێگـایەک:-**

**١-شـەیتان هەوڵـئەدات کە مـرۆڤ بخـاتە بـاری نەترسـان لە خـودا :- ئەویـش یەکەم ڕێگـایە کەشـەیتان دەیگـرێتە بەر لەگەڵ مرۆڤـدا ،ئەگەر کەسـەکە وەڵامـی نەدایەوە دەڕوات بـۆ ڕێگـای دووەم**

**٢-دورخسـتنەوەی مـرۆڤ لە خـودا پەرسـتی ،ئەگەر لەمەش دا سـەرنەکەوت دەڕوات**

**بـۆ ڕێـگەی سـێیەم.**

**٣-سەرلێشـێواندنی مـرۆڤ لەکـاتی خـودا پەرسـتی لەڕێـگەی وەسوەسـەی شـەیتان**

**بـۆ هەنـدێک کەس وەکـو ئەوکەسـەی کە نـوێژ دەکـات شـەیتان وەسوەسـەی بـۆ دروسـت دەکـات بەوەی کەئایـا دەسـتنوێژت گـرت پێشـنوێژ ......چەنـم ڕکاتـت کـرد.**

بــــۆیه شـــــەیتان هەوڵ ئەدا کەســــــەر لەمـــــرۆڤ بشـــێوێنیت لەکــــاتی خــــودا پەرســـــــــــــــــــــــــــــتی بــــــــــــــــــــــــــــــــــۆئەوەی

ئەو خـــــــــود پەرســــــــــــتییەی لـــــــــــێ تێـــــــــــک بـــــــــــدات.

کەواتە ئەبێ مرۆڤ بەباشی کۆنترۆڵی خۆی بکات ،وە شەیتان بەند بکات لەناخی خۆیدا ...وە لێرەدا شتێک لەلایەن کەسی کۆنترۆڵکەرەوە دروستدەبێت کەبە بیر کردنەوەی ڕۆحانی دەناســــرێت، بۆیە کاتێک مرۆڤ نوێژ دەکات خۆی دەپارێزێت لەبیرکردنەوەی نەرێنی ، هەروەها ئەبێ مرۆڤ ئــاگـاداربێت لە بیرکردنەوەی ئەرێنی لەکــاتی نوێژکردن لەبەرئەوەی ئەمە نوێژەکە تیــک ئەدا ئەبێ مرۆڤ بیرکردنەوەکانی ڕابگرێت بۆئەوەی ببێت بەبیرکردەوەیەکی ڕۆحانی دڵسـۆزانە بۆ خودای گەورە

لێرەدا یەکە بنەڕەتەکانی پەیوەســــت بوون بەخودای گەورە ئیمانی تەواوەتییە بەخودا،

وە لەوەوە دەگەینە خۆ بەدەستەوەدان بۆ خودا بەمانایەک ئەبێ کەسەکە خۆی بەدەستەوەبدات بۆ خودا ،وە لەوەشەوە وشەی ((إسلام))هاتووە واتە بەتەواوەتی خۆ بەدەستەوەدان بۆ خودای گەورە.

وە ئەم خۆبەدەستەوە دانە قبوڵکردنی خودا پەرستیی شوێنی دەکەوێت وکە دڵسۆزی بۆخودا لەلایەن ئەم کەسە گەشە دەکات ،دواتر وەفاداری بۆدڵسۆزی وە لەکۆتایدا دیدگای ڕوون لەلایەن ئەم کەسە پەیدادەبێت کە دەتوانێت ئامانجەکانی لێ دروست بکات..

وە ئەبێت هەر ئامانجێک لەم ئامانجانە خزمەتی ئەو دیدگایە بکات کەئەویش لە ڕۆلی خۆی خزمەتی مەبەستێک دەکات کە ئەویش خوای گەورەیە ،وە ئەگەر وانەبوو ئەوا بابەتەکە تەنها بەبەدیهێنانی ئامانجی کەســـەکە کۆتایی پێدێت ، کەواتە

سەرکەوتنێکی کاتی دەبێت و هیچ بەردەوامییەکی نییە لەکاتدا ، لەبەرئەوەی دیـدگـا بەردەوامی نییە لەســـەردەم (کـات)دابەمـانـایەک هیچ مەبەســـتێکی نییە

بـــۆیە ئەبـــێ ئەم کەســـــە دیـــدگایەکی هەبێتـــو وەدەبێـــت مەبەســـتێکی هەبێـــت کەدابەش کرابێـــت بـــۆ (ئـــامراز-هێـــز-ئامـــانج)،ئەوهێزە ڕۆحـــانییە ئەبێـــتە بیـــری ڕۆحـــانی و ئەبێـــتە جوڵەکـــانی ئەم کەســـە جوڵەکـــانی ڕۆحـــانی ئەبێـــتە ڕێگـــای خـــواردنی وخـــواردن و لەڕۆشـــتنی ڕۆحـــانیو هەتـــــاوەکو ئەبێـــــتە کەســـــێکی ئـــــاییني (ربـــــانی).

وە ئەگەر کەسـێک ببێـتە کەسـێکی ڕۆحـانی ئەبێـتە مروڤـانە لەبەرئەوەی ئـێمە لە بنەڕەتـدا کەسـانێکی ڕۆحـانین پـولێکی مرۆڤانەمان هەیە، بۆیە ئەبێ نامەیەکی مرۆڤانە

بێـت ئەویـش باشـتر بـۆ باشـترین ، ولێـرەدا ڕۆڵـی گەشـەپێدانی مرۆیـی دێـت کە وەکـو

ژیـانێکی تەواوە پـاڵ بە مـرۆڤ وە دەنێـت چ پیـاو چ ئـافرەت یـان کرێکـار یـان بەڕیـوبەر

یـان بـاوک یـان دایـک یـان هەر مرۆڤێـک بێـت ئەبێـت خـۆی بـاش بکـات بـۆئەوەی بەرەو پێشـەوە بـڕوات.

کەواتە هەمـوو ئەمـانە پەیوەسـتە بەیەکتـرییەوە یەکەم ئیمـان دواتـر

خۆبەدەسـتەوە دەدات بـۆ پەرسـتن دواتـر دڵسـۆزی دیـدگا دەرەکەوێ وە لەوەشـەوە وە لەوەشـەوە پشـت بەسـتن بەخـودای گەورە وە پشتبەسـتراو بەخـودا هەمیشـە گەشـبینبە ((تفـاآءلوا بالخیرتجـدوە))وە گەشـبینی کـارێکی ڕاسـتەوخۆی بەردەوامە لەکاتـدا وەگەشـبینی ڕێـگەیەکە، وە ئەنجامەکەشـی بـوونی فێرئەبێـت ئەویـش هەمـان جـۆری گەشـبینیە.

وه لێرەدا یاسای بیری هاتوو ویاسای سەرنجراکێش ویاسای گەڕانەوه كه بریتیه لەوەی هەر
شتێک بهاوێژی بۆت دەگەڕێتەوه لەهەمان جۆر.

ئەگەر مرۆڤ بگاته قۆناغی پەیوەستبوونی زۆر بەخوداوه ، ئەم كەسه ئەگادارئەبێ كه خودا توڕەنەكات وەبیركردنەوەكانی پێش كردارەكانی دەبێت كه بیركردنەوەیەكی ڕۆحانییه لەبەرئەوەی ئەم كەسه یەقینی هەیه كەروژێک لەڕۆژان ئەم دنیایه جێدەهێڵێت بۆیه دەبێت خۆی ئامادەبكات كەلەوەیه هەر ساتێک لەژیانیدا كۆتا ساتبێت..

كەواته كاممان ئامادەین ئێستا؟ ئایائێستا توئامادەی؟

یاخود دونیا ڕایكێشاوی بۆلای خۆی بۆمانەوه و دووریخستویتەوه له بەهات لەژیان؟

شەیتان هەوڵدەدات مرۆڤ بترسێنێت بەمانەوه وكەمی پاره لەداهاتوودا و مرۆڤ وەڵامی دەداتەوه بەكۆكردنەوەی پاره تەنانەت ئەگەر بەڕێگای ناشەرعی بێت ،لێرەداتاوانەكان دەرەكەون هەموو ئەمەش لەبەرئەوەی مرۆڤ مانەوەی ئەویست

دركی بەوەنەكردوو كەلەمانەوەی ڕاستی پەیوەست بوونە بەخودای گەورە كە

لەوزەی ڕۆحانی خۆی دەبینێتەوە

كەواتە وزەی جوڵە خواردن بەدەستدەهێنێت لە وزەی

جەستەیی وئەویش خواردن لەوزەی بیرەوەو بەدەست دەهێنێت

ئەویش وزەی سۆزەوە.

وە لەكۆتایدا هەموو ئەمانە بەوزەی ڕۆحانی پێدەدرێت ،

ئەگەر ئەم وزە ڕۆحانیەنەبوایە ئەوا سەروەتی ڕۆحانی بۆ مرۆڤ بوونی نەئەبوو،

ئەگەر ئەم سەروەتی ڕۆحانیە بوونی نەبوایە مانەوەش نەئەبوو.

**<u>ئەركـــــــــــــــى كردەيـــــــــــــــى</u>ـــكردەنى((واجـــــــــــــــب عملـــــــــــــــى))**

**ئەبێــت هەمــوو ئامانجێــك لە ئامانجەكانــت خزمەتــى ئەو ديــدگايە بكــات كە لەرۆڵــى خۆيــدا خزمەتــى مەبەســتێك دەكــات و ئەويــش خــوداى گەورەيە .**

# ڕێگای بەرەو لوتکە

هەر پێنج وزەکە ئەبێت بەیەک ڕێگادا بڕۆن وەئەم پێنج وزەش پاڵنەری مرۆڤن

بۆ ڕێگای بەرەو لوتکە وەیەکەم ڕێگە ئەبێ گەڕانەوە بێت بۆ بناغی نەڕەت بۆقۆناغی

خاوێنی((بێتاوانی))

یەکەم-قۆناغی بنەڕەت

وەدابەش دەبێت بۆ دووبەش

١-قۆناغی خاوێنی .

٢-قۆناغی شوێن کەوتن.

# قۆناغی خاوێنی

*خودا مرۆڤی* لە سێ تاریکیدا دروستکردووە ئەوانیش تاریکی منداڵدان ، دواتر پزدان(المشیمە) دواتر تاریکی سک،دواتر منداڵ لەدایک دەبێت لەتاریکیەوە بۆ ڕوناکی ..

بەڵا لەگەڵ هـــــاتنە دەرەوەی مـــــرۆڤ بۆڕونـــــاکی لەگەڵ ئەوەشـــــدا گەشـــتۆتە تـــاریکی نەفـــامی وە ئەمەشـــە خـــودای گەورە لەســـورەتی ((الحدیـــــــد))فەرموویەتی :- (خـــــــوائەو زاتەیە ئـــــــایەتە ڕوون و ئاشـــکراکانی قورئـــان دادەبەزێنێـــت بـــۆ ســـەر بەنـــدەی خـــۆی ،تـــا لە تاریکـــــایی یەکـــــان دەرتـــــان بهێنێـــــت و بتانخـــــاتە نـــــاونووره ڕونـــــاکییەکەوە ،بەڕاســـــتی ئەو خـــــوایە بەســـــۆزومیهرەبانەبۆتان) ســـوره الحدیـــد ئـــایەتی ((٩))کەواتە مـــرۆڤ لە قۆنـــاغی خـــاوێنی هـــیچ بیرۆکەیەکـــی نیـــیە لەســـەر هـــیچ شـــتێک بـــۆیە ئەبـــێ ســـەیری بنەڕەتـــی ئەوقۆننـــاغە بکەیـــن و تێبینـــیەکەین کەدایـــک و بـــاوک هەوڵەدەن کە بچوکەکەیـــان منـــداڵەکەیان فێـــر بـــکەن کەتەنهـــا بڵێـــت دایەو بـــابە

بۆئەوەی تەنــهــا بڵـێن کەیەکەم وشـــە وتـویەتـی دایەو بــابە بووە وتەواو منداڵەکە

منــداڵەکە وەڵامیــان دەداتەوەو قۆنــاغی درکپێکردن دەســــت پێـدەکـات .. منداڵەکە

درک با باوک و دایکی دەکات، تاریکی درکپێکردن دەست پێدەکان کە

منـــداڵەکە ئامـــاژە بــۆ هەر خاتونێــک دەکـــات دەڵێــت دایەو ئامـــاژە بـــۆ هەر پیاوێــک دەکـــات دەڵێــت بـــابە ،دواتـــر لەو قۆنـــاغە دەرەچێـت دەگـــاتە قۆنـــاغی ڕوونــــــــــــــاکی درکپێکــــــــــــــــــردن وە ئەم

درکپێکــــــردنە مانـــــــایەک بەناوەکــــــان دەبەخشــــــێت ،خــــــوی گەورە دەفەرموێت(نـــاوی هەرچـــی پێویســتی دەوروبەر هەیە فێــری کــرد )[البقــرە :- ٣١] ئەگەر نـــاونەبوایە درکپێکـــردن مانـــایەکی نەئەبـــوو ،وە ئەم مانـــایەش زمـــانێکی هەیە هەرچیەکبێـــت زمانـــاکە نرخێـــک بەهـــایەک لەخۆدەگرێـــت کەبنیـــادنراوە لەســـەر بڕوابـــون بەنـــاخی خـــۆی ســـەرەتایەک کەگۆشـــەنیگای بەرامبەر شتەکان دەگۆڕێت ئەمەش ناسراوە بەتێگەشتنی خودی .

وەلێـرەدا منـداڵ دەسـدەکات بە تێگەشـتنی وشـەکان وەکـو کەسـێک پێیەڵـێ :- تــۆ کــوڕێکی بەڕەوشــتی.....تۆ منــداڵێکی خراپــی ،ئەو لەمانـــاکەی تــێ ئەگـــات کەواتە درکپێکردنەکـــــــــــــانی مانـــــــــــــــــایەکی هەیە.

## ئەركـــــــــى كردەيــــــــــى ـــكردەنــــــــــى( واجـــــــــب عملــــــــــى)

ئەبـــێ دايـــك و بـــاوك گرنكـــى بـــدەن بە پەروەردەكردنـــى منـــداڵەكانيان بەباشترين شێوە.

# ٢-قۆناغی شوێن کەوتن

له قۆناغی بنەڕەتدا لەحەوت ساڵی یەکەمدالەژیانی منداڵ ٩٠٪لە بەهاو لە٩٥٪ لەبەهای سۆز پێکدێت منداڵ ئەتوانێت لە مانای خۆشەویستیو سۆز بەباشی تێبگات

ئەزانێت کێ خۆشیەوێت و کێ ئەو خۆشەویستییەی بۆ ئەگەڕێنێتەوە ،ئەو لەم

قۆناغە مانا سۆز ئەزانێت وە ئەم ماوەیە لەقۆناغی بنەڕەتدا ناسراوە بە (تەمەنی ڕۆڵبینین)کە منداڵەکان لاسایی دایک و باوکیان دەکەنەوە لە هەموو شتێک... لەڕێگای قسەکردنو تۆنی دەنگیانو لەتەعبیری ڕووخساریان و لەڕێگای هەناسەدانیان و لە هەموو شتێک تەنەنات لەو مانایەی کە ئەوان لەشتێک لێی تێدەگەن .

له قۆناغی خاوێنی ئەکرێت بنەڕەت بوبێتە ئەو نرخ و بیروبۆچوونو بنەمایانە ،

بەڵام منداڵ لەم قۆناغەدا توانای نرخاندنی شتەکانی نییە ئەو نازانێت کەچی بۆی گونجاوە و ناتووانێت بڕیاربدات بۆیە پەنا دەباتە بەر شوێنکەوتەو تەقلید لێرەدا قۆناغی شوێن کەوتن دەردەکەوێت .

<u>ئەرکی کردەنی –کردەیی((واجب عملی))</u>

بادایک و باوکان ئاگاداربن لە هەڵسوکەوتەکانیان لەبەردەم منداڵەکانیان بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی منداڵەکانیان هەموو شتێک ئەبینن .

# دووەم -قۆناغی بوون

**که منداڵ هەوڵدەدات بوونی خۆی بســەلمێنێت، ڕێگای قســەکردنی دیاری دەکات ،لە**

**قۆنـاغی بنەڕەتدا، کەســێـک هەیە کە کۆنترۆڵی منداڵەکە دەکـات وە لە قۆنـاغی بنەڕەتـدا ،بوونی خۆی ئەســەلمێننـت بە بنەڕەتی خۆی، ئەگەر منـداڵ دایکی بەشـێوەیەکی ناسـروشـتی لێی ترسـا و هیچ بەرپرسـیارێتییەکی پێنەدا ئەم منداڵە تەنهـا هیوای دایکی دەخوازێـت ئەگەر دوورکەوتەوە لە دایکی ئەبینین ئەگری لەبەرئەوەی نـاتوانێـت لەدایکی جیـابیێتەوە و نـاتوانێـت مـامەڵە لەگەڵ جیهـانی دەرەوە بکات ئەو**

**تەنهــا لەگەڵ دایکــی مــامەڵە دەکــات وە ئەمەش هەڵەیە لە پەروەردەکــردن وەڕاستیش ئەوەیە**

**کە منــداڵەکە بگەڕێــتەوە بــۆ جیهــانی دەرەوە و مــامەڵەی لەگەڵ بکــات .**

**بەڵام ئەو منــداڵەی کە دەڕواتە جیهــانی دەرەوە بــۆ ئەوەی بــوونی خــۆی بسەلمێنێت**

**ئەو ئەم بــوونە دەســەلمێنێت بەو زانیــاریو بەرنــامە ڕێــژییەی کە پێشــتر هەیەتــی و بەمانــایەک ئەو درک پێکــردن و ئەو زمــانەی کە فێــری بــووە ســەرباری ئەوەش ئەو بەهــاو بیروبــاوەڕو بــنە مــایەی کەهەیەتــی ، بەڵام منــداڵە وای دائەنــێ کە جیهــانی دەرەوە وەکــو ئەوە ئەو نازانێــت کەلەوانەیە پیاکێشــانی هەبێــت لەگەڵ کەســێکێ دیــکە ، ئەووائەزانێــت کە تەنهــا ئەو ڕاســتدەکات دەســت دەکــات بە شــەڕکردن لەگەڵ قوتابییەکــانی دیــکە لە قوتابخـانە ئەو فێـر نەبـووە گۆشــە نیگـای ئەوەکەی دیـکە قبـوڵ بکـات بـۆیە ئەولەم قۆنــاغە دا قۆنــاغی بــوون بەرگــری لەڕای خــۆی دەکــات ،ئەو ئەیەوێــــت کە کــــۆنترۆڵی کەســــانی دیــــکە بکــــات .**

**ئەركــــــــــى كردەيــــــــــى ــكردەنــــــــــى ((واجــــــــــب عملــــــــــى))**

**ئەبــێ دايــك و بــاوك پەروەردەى منــداڵەكەيان بــدەن كەڕووبەڕوى جيهــانى دەرەوە بن**

# سێیەم-قۆناغی لەخۆبایبون

خودی لەدایک دەبێت وە کەسێک ئەبینین کەدەڵێت من پیاو...من سەرکەوتووم.. من باوکم وایە ..من ..گرنگی بەناوی خێزان و شانازیکردن لە نێوان خەڵکیدا بە خۆیو و بەجلوبەرگیو بە هەر شتێک کەپەیوەندی پێیەوە هەبێت هەوڵئەدا کە سەرنجی خەڵکی ڕابکێشی بۆ کاتژمێرەکەی بۆنموونە یان پشتوێنەکەی....

وە لەم قۆناغەدا گرنگی بەشێوەی دەدات و ئەمەش بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵگە، تەنها ئەبینین کچێک خواردن دەخوات دواتر پەنچەی ئەخاتە دەمی هەرچی خواردوویەتی بیهێنێتە دەرەوە هەتاوەکو پاریزگاری لە لەش و لاری بکات بۆ ئەوەی وەک، فڵان هونەرمەندبێت .

لەم قۆناغەدا((من))لەدایک دەبێت ..من باشترینم ..من جوانترینم ..من..کاتێک ((من))بەهێز دەبێت خوودی ناوەوە کەپەیوەستەبەماددەوە

وە چوار شت هەیە کە پەیوەندی

**بە مـــــــــرۆڤەوە هەیە :- ((شـــــــــوێن-کـــــــــات-وزە-مـــــــــاددە))**

**مــاددە پەیوەســتە بەجیهــانی مــاددی، ئەو کەســە ئەیەوێــت جیهــانی دەرەوە ڕازی بکات**

**لەڕێــگەی ڕەزامەنــدی کــۆمەڵایەتی هەر شــتێک بتوانێــت دەیکــات بــۆ ئەوەی شێوەی**

**ببێـــــــــتە باشـــــــــترین شـــــــــێوەی کـــــــــۆمەڵایەتی .**

**<u>ئەرکـــــــــی کـــــــــرداری -کردەنی((واجـــــــــب عملـــــــــی))</u>**

**ئەبــێ مــــرۆڤ ئەوەنــــدە گرنگــــی نەدات بە مەزهەری لەســــەر گرنگــــی دان بە جەوهەری کەســـــــــــــــــــــــــایەتیەکەی.**

# لەدایکبـــــــــووی جێبەجێکـــــــــار

وردە وردە ئەمە لەگەڵ کەسـێکدا لەدایک دەبێت کە ناسـراوە بە جێبەجێکردن کە ئەویش جێبەجێکردنە بەڵام لە بـابەتی پەیوەســـت بە مـاددی ئەیەوێـت پـارە کۆبکاتەوە و هەژمارێکی گەورەی بانکی هەبێت و ئـەیەوێت هاوسـەرگیری بکات ..

ئەیەوێـــت ک شـــوقەیەکی هەبێـــت ..هەمـــوو ئەوجێبەجێکـــارە مادیـــانە ، وە کۆششـــــــــــەکا هەتـــــــــــا بەدەســـــــــــــتی دەهێنێـــــــــــــت..

بەڵام تـــاکە جێبەجێکردنـــی ئەم کەســـە کـــارەکەیەتی ئەگەر گفتوگـــۆی لەگەڵ بـــکەی لەشـــتێکی دیـــکە هـــیچ نازانێـــت ،گرنگـــی بەتەندروســـتی خـــۆی نـــادات یـــان ژنەکەی یـــان منـــداڵەکانی یـــان ئاســـوودەیی یـــان هەر شـــتێک ..هەمـــوو ئەوەی بەلایەوە گـــرنگە کـــارەکەیو بەدەســـتهێنانی پـــارەیە، وە ئەم کەســـە ناســـراوە بە جێبەجێکـــاری مـــاددی کە ئەویـــش بێگومـــان جێبەجێکـــاری ڕۆحـــــــــــــــــــــــــانی نیـــــــــــــــــــــــــــــــیە.

ئەگەرمرۆڤ پەروەردە کرابێت بەڕێگـایەکی ڕۆحـانی لەقۆنـاغی بنەڕەت لەم قۆنـاغە بوونی خۆی ئەسەلمێنیت ،جێبەجێکاری ماددی لە کاتێک لەکاتەکاندا ماندوو ئەبێ لەشتە دونیایەکان ودەگەڕێت بەدوای خۆشبەختی وە لێرەدا لەدایکبوی بگەڕ لەدایک دەبێ

ئەرکـــــــــــی کردەیـــــــــــی ـکردەنـــــــــــی ((واجـــــــــب عملـــــــــــی))

ئەبـێ مـرۆڤ گـاڵتەبەئەم دونیـایەی بکـات بۆئەودونیـای وەئاگاداربێـت کە لایەنـی مـــادی لەم دوونیـــاوای لێنەکـــا بەبەردەوامـــی گرنگـــی پێبـــدات

# لەدایکبوی بگەڕ ((گەڕانکار))

بـــگەڕ ((گەڕانكـــار)) لەكۆتايەكـــانی جێبەجێكاردەردەكەوێـــت ، وە بـــگەڕ ئەوكەســـەيە كە دەگەڕێـت بەدوای ڕاسـتيو خۆشەويسـتی ئەگەڕێـت ئەگەڕێـت بەدوای ئاســـوودەيی ناوەوە(نـــاوەكی)ئەبينين ئەو كەســـەی كەبە قۆنـــاغی گەڕانـــدا تێپەڕدەبێـــت كەم دووە وە حەزدەكـــات بەتەنهـــا بێـــت و ئەگەڕێـــت بەدوای خوديـــدا وە بەدوای ئاشـــتی نـــاوەكی وە ئـــارامی خـــودی ،وە قۆنـــاغی هيـــوا خواســـتن دەســـت پيـــدەكات كەكەســـەكە بيردەكـــاتەوە لەخـــۆی و چـــۆن بـــووە ژيـــانی وە هيـــوا ئەخوازێـــت خـــۆی دەبينێـــتەوە كە پـــارەيەكی زۆری كـــۆكردۆتەوە بەڵام دڵخـــۆش نيـــيە بـــۆيە هەوڵەدا كە يـــارمەتی كەســـانی ديـــكە بـــدات و لێيـــان خۆشـــبێت ئەم هەســـتەی بەرامبەركەســـانی ديـــكە لا دروســـت دەبێت .

مرۆڤ چاوئەخشێنيتەوە بەڕابردووی هەست بە پەشيمانی دەكات بۆ ئەو تەمەنەی كەڕۆشتووە لێی لە جێبەجێكردنی كاری دونيايی .

چيرۆكی پياوێـك هەيە كە ئەيوت كـاتێـك منداڵ بووم ئەمردم بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ سەرەتايی وە ڕۆشتم و بەدەستم هێنا،هيوامەخواست كە بمرم لەڕێگەی ئەوەی كە بڕۆمە نەوەندی وە ڕۆشتم وە هيوامەخواست كە بمرم تەنها بچمە دواناوەندی وە ڕۆشتم وە ئەمردم بۆ ئەوەی بچمە زانكۆ وەڕۆشتم

هیــــوامە خواســــت هاوســــەرگیری بــــکەم وە کــــردم و منــــداڵم بــــوو ، هیوامەخواست کە منداڵەکانم ببینم کە هاوسەرگیری ئەکەن وە بینیشم ،

وە گوێبیســــتی ئەم پیــــاوە دەبــــین کاتێــــک تەمەنــــی شەســــت ســــاڵبو لەســــەرەمەرگدا و لەســــەرجێگە بەمنــــداڵەکانی وت ((لەبیــــرم کــــرد لە خۆشــــیدا بژیم لەبەرئەوەی لەهەر ساتێکم لەژیاندا ئەمردم))

ئەبینین مرۆڤ ئەیەوێت جێبەجێکردن بکات لەم لاو لەولادا ئەڕوات و شوێن

خۆی دەکەوێت بیرناکاتەوە بێجگە لە کارکردن و ئەو قەرزانەی کە هەیەتی چۆن بیداتەوە ،ولێرەدا بیرکردنەوە لەوەی کەزیاتری ئەوێت بەردەوام دەبێت و دواتر ئەگاتە ڕازی نەبوون .

وە کاتێک مرۆڤ لۆمەی خۆی دەکات ئەگوازرێتەوە بۆ سۆزو هەستکردن بە

ئاشتی ناوەکی دەست پێدەکات دەگەڕێت بەدوای خەڵکیو پرسیاریان دەکا ئەو ئەیەوێ

خۆشەویستی بکات و خۆشەویستی بکات ،وەلێرەدا پاداشتی ڕەگەزی کارکردن دێت ئەگەر ئەم کەسە منداڵەکانی پەروەردەکردووە کە بگەڕێنەوە بۆلای وە لە بچوکیانەوە بگەڕێنەوە لەسەر خۆشەویستی دانیشتن لەگەڵی ئاواش ئەبن کاتێک گەورەبن ،ئەگەر ئەم کەسە منداڵەکانی دانانیشێنێت وە یارمەتی ئەدات کە دووربن لێیی

هەموویان لەماڵێکدا ئەژین بەڵام هەر یەکێکیان لەژووری تەنها..

ئەو هەمیشـــە ســـەرقاڵە بەکارکردن و وە ئەو کاتە پێویســـتەیان پێ نابەخشـــێ کە پێویســـتیانە ..ئەو منداڵانە گەورەبن و حەزناکەن لەگەڵ باوانیان بن بۆیە درووێنە کردن لەهەمان ئەوەی کە چاندویەتیو گەورەبون.

کاتێـــــک تـــــۆوێکی مــــــانگۆ دەخەیـــــنە ســــــەر زەوی یەک تــــۆوە بەڵام بەرهەمـــــی دەبێــــت لەســــــەر دارێکــــی پــــڕ مــــــانگۆ بەڵام لە کۆتایـــــدا درووێــــــنەکە لەهمـــــان جـــــۆری تــــــۆوەکە دەبێـــــت کەلەســــــــەرەتادا چانــــــدویەتی،ئەگەر بـــــاوەش بەمنـــــداڵەکانت نەکەی کەمنـــــداڵن تــــۆش باوەشێکت نابێ کاتێک ئەوان گەورەدەبن.

کەسەکە خۆشەویستی بۆ خودا وزەی ڕۆحانی دروست دەکات و پەیوەست بوونی بەخودا زیاددەکات و دڵخۆشی ئەم کەسە دەبێتە ڕاستی لەبەخشیندا نەک بردن بەخشین پێشوازی کردنی هەیە لەلایەن خوداوە ،ئەم کەسە درک بەوە دەکات کاتێک

ئەبەخشێت ئەو لەبەرامبەردا لەخوای بردووە لەبەرامبەر ئەم بەخشینە کەوەکو کەناڵێکی گەیاندنە لەخودای ئەبات و ئەیبەخشێت ئەو دەزانێت ئەگەربۆخۆی بیگردایەتەوە ئەوا خوا پێی نەدەبەخشی بۆیە هەر کاتێک زیاتر ببەخشی زیاتر پێشوازی لێدەکرێ ئەگاتە پلەی بەخشین..

ئەم کەسە ئەبەخشێتو چاوەڕێی ئەوە ناکات لەکەس بیبات ، ئەوئەبەخشێت لەپێناو خودا وە ئەم بەخشینەش خۆشبەختی ئەدات بەخاوەنەکەی

بیرمە کە من جارێکیان هەموو پارەکەم لەدەست دا و تەنها (١)هەزار دۆلارم پێبوو وە ڕۆشتمە مزگەوت نوێژ بکەم

وە دوای نوێژ ئیمامەکە وتی مزگەوتەکە پێویستی بە(١)هەزار دۆلارە بۆ کاری ڕادیۆ

هەمویم پێبەخشی وە کاتێک دەرچووم و وتم:-خۆمم دابەدەست تۆ خودایە،

دواتر گەڕامەوە بۆ ماڵەوە پەیوەنییەکم بۆهات پیاوێک بوو داوای کاری لێکرم وتی:-

وەکو موچەی مانگانە چەنێکت دەوێ ؟ ، ئەو ژمارەی کە لێکدانی (١٠)م کرد (١٠٠٠)دۆلار بوو ،پیاوەکە ڕازیبوو وە گرێبەستێکی لەگەڵ واژوو کردم بۆ ماوەی (٣)ساڵ.

**ئەرکی کردەنی ـــکردەیی(واجب عملی)**

بـــــراوە ئەو کەســـــەیە کە هەمیشـــــە ئەگەڕێـــــت بەدوای ڕازی بـــــوونی خوداوە.

کراسی خۆشبەختی
تۆ وەرتگرت و
بێزاربوی
وە من بەخشیموو دڵخۆشبوم

**پاشـــایەک هەبوو کە بە بێزارییەکی زۆرئەژیا زانی کە وا پیاوێک هەیە لەســـەر چیایەک**

**کە کراسێکی خۆشبەختی لەبەرە هەرکەس ئەو کراسەی هەبێت دڵخۆشە ..**

**پاشاکە ڕۆشت بۆلای پیاوەکە داوای کراسەکەی کرد لەبەرامبەر هەر شتێک کە**

**داوایەکا بەئارامییەوە پیاوەکە سەیرێکی کرو کراسەکەی پێ بەخشی وتی :-من**

**هیچ شــتێکم لە تۆ ناوێت تەنها کراســەکە ببەو بڕۆ ، پاشــاکە کراســەکەی بردو ڕۆشت**

**دوای هەفتەیەک پاشاکە بێزارتربوو وە پیاوەکە دڵخۆشتر پاشاکە ڕۆشت بۆلای پیاوەکە وتی:- من کراسەکەی تۆم بردوو من بیزارتر تو دڵخۆش تر هۆکار چییە؟**

**پیاوەکە وتی:-بەبیرکردنەوەیەکی هەڵە هاتی من بەکراسەکەوە دڵخۆش نەبوم من دڵخۆشم لەبەرئەوەی ڕازیم بە حاڵی خۆم وە تۆ هاتی بەڵام خۆشبەختی لە بەخشینە**

**نەوەک بردن ،تو بردت و بێزار بویت وە من بەخشیم و دڵخۆشبووم،**

**وە هەندێک کەس هەیە کە تەنگییەکی زۆری هەڵگرتووە .**

**ئەمەش بەهۆی جیاوازی نێوانیان ،مرۆڤ دەسـدەکات بەبیرکردنەوەی نەرێنی لەبەامبەر ئەوەی کە بێزارییەکا وە ئەمەش هەڵەیە وە ڕاستەکەی ئەوەیە هیوای چاکی بۆ بخوازێت ،ئاسانترین وباشترین شت لێخۆشبوونە.**

**ئێمە ئەوەنە کاتمان نییە بۆ تەنگی ، بێزاری، توڕەیی لەکەسێکی دیاریکراو**

**یان لەبارودۆخێکی دیاریکراو.**

**وە ئەزانم ژیان یەکەو دووبارە بوونەوەی نییە ،ئەگەر تەواو بویت لەژیان نەمایت و نەگەڕایتەوە؟**

**ئەبێت هەموو ساتێک لە ژیاندا بەکاربهێنیت وەکو ئەوەی کۆتاسات بێت لەژیاندا**

**لێخۆشبوون شتێکە مرۆڤ بەئاسانی فێری ئەبێت**

**بەڵام جێبەجێکردنی گرانە**

وه مووتەنەبی لەشعریکدا باسی لێخۆشبون دەکا:-

إن انت لن تغفر للمسكين اذا عدم

ولا فقير اذيشكو لك عدم
فكيف ترجو من الرحمن الرحمتو
انما يرحم الرحمن من يرحم

وه پێغەمبەر (د.خ) لەفەرموودەیەکدا دەڵێت :- (کار بۆ ئەم دنیات بکە وەک، ئەوە وابێت کە بۆ هەمیشــە ئەژی ، وە کار بۆئەو دنیات بکە وەکو ئەوەی کە ســبەینێ ئەمریت))

ئەم فەرموودەیە فەلســـــەفەیەکی قوڵی هەیە کە چەندین ســـــاڵم پێچووە گەڕاوم بەدوای

((کار بۆ دنیات)) کە بەمانای پەیوەندی کردن و ((کار بۆ ئەودنیات))کە بەمانای جیابوونەوە دێت وە چۆن جیابوونەوەو پەیوەندی کردن ڕوودەدات لەهەمان کاتدا؟

چیرۆکی خانمێک بیردەهێنمەوە ئەیویست وەرزش بکا لەیەکێک لەهۆڵەکانی لەش جوانی خاڵی لاوازی ئەو شیرینی بوو

وەرزشەكەی لەبیر كردوو ڕۆشت بۆ خواردنی بەسبوسە وە پرسیاری لێكردم:-
چی ئەكەی وتم :- ســـبحـان الله.....وتم :- بلێ ســـبحـان الله....ســـبحـان الله ، وەبەڕاستی كاتێ كردی شەیتان وازی لێهێنا هەتا تەسبیحەكەی تەواوكرد.

وە دوای زیكركردن مرۆڤ خودای زیاتر خۆشدەوێت خودا دەفەرموویت:-
((كڕنوش بەرە، لەخودا نزیک بەرەوە)) [ العلق (١٩)]

وە لێرەدا ئەم كەســـە قســـە لەگەڵ خودادەكات و قســـە لەبارەی خوداوە دەكات و مرۆڤ
دەگاتە قۆناغی لوتكە ئەویش گەیشتنە بە خودای باڵا دەست .
ئێمە لەنوێژەكانماندا دەڵێین ((هیدایەتمان بدە بۆ ڕێگەی ڕاســـت))ڕێگای ڕاســـت هەندێک لە زانایان ڕوونیان كردۆتەوە ئەوەش ڕیگای بەرەو بەهەشـــتە بەڵام ئەبینم كە ڕێگەی ڕاســـت ئەو ڕێگایە بۆلای خودا،وە خوداش بۆ بەهەشـــت ،هیچ كەس ناتوانێت بڕواتە بەهەشتەوە بە تەنها ئەبێ لەڕێگەی خوداوە بگاتە لای

**ئەركی كردەیی—كردەنی((واجب عملی))**

**ئەبێت هەموو ساتێک لە ژیانتتدا بەكاربهێنیت**

**وەكو ئەوەی كۆتا ساتی ژیانت بێت.**

# وشەی کۆتایی

**ئەبــــێ مــــرۆڤ لە کۆتـــــایەکەی(واتە ئەو دونیا)ببـــات بـــۆ ئەوەی دونیـــا دەوڵەمەنــد بکــات بەســەروەتی ڕۆحــانی ، ئەبــێ لەدنیــا ببــات بــۆئەوەی پــێ بنیـــاد بنـــێ وەئەوەش مـــانەوەی ڕۆحـــانییە وە ئەمەش فەلســـەفەی ژیـــانە وە فەلسەفەی دین وە فەلسەفەی ڕۆحانی**

**وە دوای قۆنـاغی پەیوەســـت بوون بە خودا مرۆڤ ئەبێ خۆی کۆبکـاتەوە بۆ زیکرکردنی خودا بە بەردەوامی وە ئەبێ زۆر ســـوپـاس گوزاری خودا بکـات بۆئەوەی**

**کە پێیی بەخشییوە.**

**وەڕگێڕ:-**

**سوپاسـتت دەکەم کە کـاتی خۆتـت تەرخـان کـرد بـۆ خوێنـدنەوەی ئەم کتێبە ،لەهەر کەمو کوڕییەکی ببورە .**